پرۆژەیەکە کە لە لایەن پۆلیسەوە پەسەند کراوە

"کەمکردنەوەی تاوانکارییەکان لە دژی منداڵان"

# نامیلکەیەکی ڕێنماییە بۆ دایک و باوک/چاودێرەکان

هەندێک لە زانیارییەکانی ناو ئەم نامیلکەیە بە زەقی لەبارەی سێکسەوە/جنسەوە نووسراوە. دەشێت هەندێک دایک و باوک بەلایانەوە گونجاو نەبێت کە بۆ منداڵانی بخوێننەوە.

لە لایەن Local Safeguarding Children Board (**بۆردی پارێزگاری منداڵانی ناوچەکە**) **پشتگیری لێکراوە**

ئەو داهاتەی لە ڕێگەی فرۆشتنی سەفتە زانیارییەکانی دەزگای Child-Safe (**منداڵ - سەلامەت**) بەدەستمان دەکەوێت، یارمەتیمان دەدات کە دارایی بۆ پرۆژەکانی تری ڕێگرتن لە تاوانکاری دابین بکەین.

ئەگەر دەتەوێت ئەم زانیاریانەت بە شێوازێکی تر بۆ دابین بکرێت، بۆ نموونە بە بریل (شێوازی نووسینی نابیناکان)، لەسەر شریتی دەنگ، بە چاپی پیتی گەورە، لەسەر دیسکی کۆمپیوتەر، وە یاخود بۆ زمانێکی تر وەربگێڕدرێت (تەرجومە بکرێت)، تکایە لەسەر ژمارە تەلەفۆنی 2275 353 0117 پەیوەندی بە Susan Martell (سوزەن مارتێل) بکە یان سەردانی ماڵپەڕی ئینتەرنێتی www.child-safe.org.uk/guidetranslation بکە.

**Child- Safe International Ltd, Avon and Somerset Constabulary,**
**PO Box 37, Valley Road, Portishead, Bristol BS20 8QJ**
**Tel: 01275 816133/ 816596 Fax: 01275 816655**
**Charity Number: 1105726**

*© Avon and Somerset Constabulary 2006*

Kurdish Sorani



*زۆر زەحمەتە کە لە کاتی خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیەدا نیگەرانی و ترست لێنەنیشێت. ئازاردان و دەستدرێژیکردنە سەر منداڵ مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆز و هەستیارە بۆ هەموو ئەوانەی کە پەیوەندییان بە کاروباری منداڵانەوە هەیە. هەندێک دایک و باوک وەها لێکی دەدەنەوە کە منداڵەکەی ئەوان تووشی ئەوە نابێت و، هەندێکی تریان بە پێچەوانەوە هەر جارێک کە منداڵەکەیان لە ماڵ دەچێتە دەرەوە تووشی دڵەڕاوکە دەبن و سەبارەت بە سەلامەتیی منداڵەکەیان نیگەران دەبن. جا بیر و بۆچوونی تۆ هەر چییەک بێت، ئەوا ئەو یانەیەی یان ڕێکخراوەی ئەم بڵاوکراوەیەی پێداوویت دەزانێت و باوەڕی وەهایە کە سەلامەتیی منداڵەکەت مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگە. وەکو بەشێک لە پەیڕەوەکانی کارکردنی دەزگای ‘Child- Safe’ - 'منداڵ- سەلامەت'، هانی تۆ دەدرێت کە پرسیار لە کارمەندەکان بکەیت و جاروبار سەردانیان بکەیت و بزانیت ئایا چی لە ئارادایە. من تکاتان لێدەکەم کە ئەو کارە بکەن. ئەگەر بمانەوێت کە لە دوارۆژدا کۆمەڵگا بە ئەو جۆرە بێت کە ئێمە ئاواتەخوازین، ئەوا گرنگترین شت بریتیە لە نەشونماکردنی منداڵەکانمان لە ژینگەیەکی بێترس و ئاسوودەدا.*

*Gabby Logan (گابی لۆگەن)*

## 1 پاراستنی منداڵەکانت لە دەستدرێژی

زۆر لە دایک و باوکان کاتێک منداڵەکانیان لە بەرچاویاندا نامێنن دەترسن کە دوچاری دەستدرێژی دەبن – بۆ نموونە لە کاتی وەرزشدا یان بەشداریکردن لە چالاکییەکانی دوور لە ماڵەوە.

ئەم نامیلکەیی ڕێنماییە بەرهەمهێنراوە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە پاراستنی منداڵەکانت کاتێک لە یانە و ڕێکخراوە ڕەسمییەکاندا بەشداری دەکەن. ئەمە لە بنەڕەتدا لە لایەن **دەزگای پۆلیسی ئەڤۆن و سەمەرسێت** ( Avon and Somerset Constabulary) بەرهەمهێنراوە و بەشێکە لە سەفتەیەک زانیاریی دەربارەی سەلامەتیی منداڵان، کە بەسەر کارگێڕانی وەرزش و یانەکانی چالاکیی منداڵاندا دابەش کراوە. لە ئەم دواییانەدا، سەفتە زانیارییەکە لە لایەن پسپۆڕان و شارەزاییانی بواری پاراستنی منداڵەوە زانیاریی نوێی بۆ زیاد کراوە، کە بە تایبەتی بۆ دایک و باوک و چاودێری وەکو ئێوە داڕێژراوە.

ڕێنماییەکانی Child-Safe (**منداڵ - سەلامەت**) کە لە ئەم نامیلکەیەدایە، بە ئەو مەبەستە داڕێژراون کە یارمەتیت بدات زیاتر هەست بە دڵنیایی بکەیت و منداڵەکانت بە سەلامەتی لە دەست ئازارپێگەیاندن بپارێزێت. هەروەکو ڕێساکانی سەلامەتیی ڕێگەوبان، دەتوانیت ئەم ڕێسا سادە و ساکارانەش بکەیت بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خێزانەکەت.

## 2 دەستدرێژیکردن لە منداڵ چیە؟

زۆربەی ئەو کەسانەی کە چاودێریی لە منداڵەکانمان دەکەن جێگەی باوەڕن و کەسانی سەلامەتن. بەڵام بە داخەوە، هەندێک کەسانی گەورەساڵ زۆر وریا و کارامەن لە بواری ئاشنابوون بە منداڵان بە مەبەستی گڵاوی ئازارپێگەیاندنیان.

ئەمە حاڵەتێکە دەشێت لە هەموو شوێنێکدا ڕوودات – لە ناو خێزاندا، لە قوتابخانە و لە هەر شوێنێکدا کە چالاکییە وەرزشی و چالاکییەکانی تری منداڵان ئەنجام دەدرێت. لە ڕاستیدا، لە زۆربەی ئەو کەیسانەی لەبارەیانەوە خەبەر دەدردێت، دەرکەوتووە کە منداڵان لە ناو خێزانەکانیاندا دوچاری دەستدرێژی دەبن وە یاخود لە لایەن کەسێکەوە کە خێزانەکە و منداڵەکە دەیناسن و ناسیاویانە.

"ڕێگەخۆشکردن – Grooming" ئەو دەستەواژەیە (زاراوەیە) کە پێناسەی ڕەفتاری کەسانی مناڵباز یان ئەو کەسانەی کە دەستدرێژی لە منداڵ دەکەن دەکات، بە تایبەتی کاتێک کە هەوڵ دەدەن ببنە ئاشنا و هاوڕێی خودی منداڵەکە یان دایک و باوکی منداڵەکە. ئەم پرۆسەیەی کە پێی دەگووترێت "ڕێگەخۆشکردن"، دەرفەتی ئەوە بۆ تاوانکارەکە دەڕەخسێنیت کە بە مەبەستی پلانە ناپەسەندە شاراوەکانی (بۆ نموونە بە مەبەستی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵەکە) ببێتە ئاشنای منداڵەکە یان لێی نزیک بێتەوە.

ئەم 'ڕێگەخۆشکردنە' دەشێت ماوەی چەند سەعاتێک، چەند ڕۆژێک، چەند مانگێک یان تەنانەت چەند ساڵێک بخایەنێت و ئەمە بەندە لەسەر ڕادەی بێدەسەڵاتیی منداڵەکە و ئەو ڕادەیەی کە دەرفەت بە کەسە دەستدرێژیکەرەکە دەدرێت لە منداڵەکە نزیک بێتەوە و ببێتە ئاشنای. دەشێت 'ڕێگەخۆشکردن' ئەنجام بدرێت لە ڕێگەی ئاشنایەتیکردن/دۆستایەتیکردن کە بە ئەم شێوەیە دەرفەتی ئەوە بۆ کەسەکە دەڕەخسێنیت لە منداڵەکە نزیک بێتەوە و ئەمجا سنوورە شەخسییەکانی خودی منداڵەکە تاقی بکاتەوە. دەشێت هوشیاریی و وریایی و خۆباوەڕیی منداڵ یان کەسی گەنج ببێتە مایەی پاراستنی خودی ئەو کەسە لە دەست پلان و نیازە ناپەسەندەکانی کەسە دەستدرێژیکەرەکە. لەوانەیە کەسە دەستدرێژیکەرەکە بە

چەندین ڕێگە و شێواز سنوورە شەخسییەکانی منداڵەکە تاقی بکاتەوە، بۆ نموونە ماچکردن، دەستلێوەدان و قسەکردن و ئەمجا هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی کاری ناپەسەندی ماچکردن یان دەستلێوەدان یان قسەکردن. هەروەها ڕێگە و شێوازێکی تری باو بۆ تاقیکردنەوەی سنووری منداڵەکە بریتیە لە نیشاندانی وێنە یان شریتی ڤیدیۆی سێکسی و ڕێگەخۆشکردن بۆ دەستدرێژیکردن لێیان.

ئێستاکە مەسەلەی 'ڕێگەخۆشکردن' بووە بە بەندێک/ماددەیەک لە **یاسای دەستدرێژییە سێکسییەکان** 2003 ( Sexual Offences Act 2003).

ئەم یاسایە دان بە ئەو ڕاستییەدا دەنێت کە دەشێت منداڵان لە لایەن ئەو کەسانەی کاریان لەگەڵ دەکەن یان ئەوانەی کە جێگەی متمانە و باوەڕیانن، دوچاری دەستدرێژی ببن. ئەو یاسایە بە ڕوونی ڕادە و سنوورەکانی چۆنیەتی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری لەگەڵ منداڵاندا دەستنیشان کردووە. برگەی 15ی یاساکە دەڵێت ئەگەر کەسێک تەمەنی لە سەرو 18 ساڵ بێت و بە لایەنی کەمەوە دوو جار پەیوەندی لەگەڵ منداڵێکی ژێر تەمەنی 16 ساڵان ببەستێت (لەوانە پەیوەندیبەستن بە تەلەفۆن یان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە)؛ ئەوا بە پێشێلکردن و سەرپێچیکردنی یاسا دادەنرێت کە بچێت بۆ چاوپێکەوتن و دیداریان، یان ئەگەر بە نیازی چاوپێکەوتن و دیداریان سەفەر بۆ هەر شوێنێکی جیهان بکات و بە نیاز بێت کە یەکێک لە ئەو تاوانکارییە ناپەسەندانەی تر ئەنجام بدات کە لە یاساکەدا ئاماژەیان پێدراوە. مەبەست لە تاوانکاریی ناپەسندی تر بریتیە لە هەر کارێک کە سروشتێکی سێکسیی هەبێت. بۆ نموونە بە پێشێلکردن و سەرپێچیکردنی یاسا دادەنرێت ئەگەر بە مەبەستەوە و لە پێناوی تێرکردنی حەزی سێکسیدا، ڕێگە بە منداڵێک بدرێت کە تەماشای کەسێکی تر بکات کە کارێکی سێکسی ئەنجام دەدات، جا لە ئەو کاتەدا بێت کە کەسەکە ئەو کارە ئەنجام دەدات یاخود ئەگەر لە ڕێگەی تەماشاکردنی فلیمی گیراوی ئەو کارەوە بێت. بێگومان ئەمە ئەوەش دەگرێتەوە کە ڕێگە بە خودی منداڵەکەش بدرێت کە لە چالاکییە سێکسییەکەدا بەشداری بکات. بە گوێرەی ئەم یاسایە، ئەو کەسانەی کە دەستدرێژی لە منداڵانی ژێر تەمەنی 13 ساڵان دەکەن، لە دادگادا سزایەکی زۆر توندتر و قورستر دەدرێن.

لەوانەیە چەندین شێوازی جیاوازی دەستدرێژیکردن لە منداڵان هەبێت بەڵام هەموویان دەکەونە یەکێک لە ئەم خانە جیاوازانەی خوارەوە:

## دەستدرێژیی سێکسی

کەسانی دەستدرێژیکەری سێکسی، ئەگەرچی هەموو کاتێ وەها نیە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پیاو دەگرێتەوە، لە هەموو ئاستە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادا بەدی دەکرێن و لە پێشینە جیاوازەکانەوە هاتوون. بە شێوەیەکی گشتی ئەوان ئەو کار و پیشە و چالاکییانە دەگرنە ئەستۆ کە بە ئاسانی دەرفەتی نزیکبوونەوەیان لە منداڵان بۆ دەڕەخسێنێت، بۆ نموونە:

- بەڕێوەبەری گرووپی چالاکیی منداڵان
- ڕاهێنەر یان کەسێکی خۆبەخش لە چالاکییە وەرزشییەکانی منداڵاندا
- کارمەندێکی قوتابخانە
- کارمەندێکی بواری چاودێری و سەرپەرشتیی منداڵان.

دەستدرێژیی سێکسی هەموو ئەم کارانە دەگرێتەوە: ئەنجامدانی سێکس لە ڕێگەی کۆئەندامی سێکسی ئافرەت (کوز/قەجاینا) یان لە ڕێگەی کۆمەوە (لاقەکردن)، دەستپەڕکردن، کاری سێکسی لە ڕێگەی دەمەوە، دەستبازی و دەستپێداهێنان، نیشاندانی لەش و ئەندامە سێکسییەکان یاخود تەنانەت هەندێک جاریش دەستلێوەدانی ناپەسەند.

## دەستدرێژیی جەستەیی

ئەو منداڵانەی کە ئازاریان پێگەشتووە یان برینداربوون یاخود ئەوانەی کە نیشانەی ڕووشاویی نائاساییان پێوەیە دەشێت کە دەستدرێژیی جەستەییان کرابێتە سەر. ئەم جۆرە دەستدرێژییە هەروەها ئەوەش دەگرێتەوە کە ئەلکهول یان ماددە سڕکەرەکان (موخەدەرات) بە منداڵان بدرێت. ئەو نیشانانەی دەبێت چاویان بۆ هەڵخەیت و تێبینیان بکەیت بریتیە لە گۆڕانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی منداڵەکە، گرمۆڵەبوون کاتێک کە کەسێکی گەورە لێیان نزیک دەبێتەوە و تووشبوون بە حاڵەتی "داڵغەلێدان – خەیاڵ ڕۆشتن"، یان پێدەچێت کە دەترسن یان بێزار و دوورەپەرێزن.

لە چالاکی و وەرزشدا دەشێت دەستدرێژیی جەستەیی ڕوودەدات کاتێک کە منداڵەکە لە لایەن هاوڕێکانیەوە یان لە لایەن کەسانی گەورەساڵەوە دوچاری چاوترساندن و تۆقاندن (bullying) دەبێت. بۆ نموونە هەندێک کەس ڕاهێنان و مەشقی توند و سەختی لە ڕادەبەدەر بە چاوترساندن و تۆقاندن دادەنێن. منداڵانێک کە چاوترس کرابن نیشانەکانی ترسیان تێدا دەبێت، بۆ نموونە مەزاجیان بە بەردەوامی دەگۆڕێت، بێزار و دوورەپەرێز دەبن یان لە ناکاودا ئاستی کار و چالاکییان دەگۆڕێت و دادەبەزێت.

### پشتگوێخستن (کەمتەرخەمی)

ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە کەسانی گەورەساڵ ناتوانن پێداویستییە بنەڕەتییەکانی منداڵ دابین بکەن، بۆ نموونە خواردن، جلوبەرگی گەرموگوڕ یاخود دابین نەکردنی چاودێریی پزیشکیی پێویست. ئەمە هەروەها حاڵەتی وەکو بەجێهێشتنی کەسانی گەنج و منداڵی بێدەسەڵات بە تەنها لە ناو و لە دەرەوەی ماڵدا، دەگرێتەوە.

هەروەها دەشێت پشتگوێخستن لە کاتی چالاکییەکانی کە ڕێکدەخرێن ڕووبدات ئەگەر کەسانی گەنج دوچاری مەترسیی بریندابوون ببن یان ئەگەر بایەخ بە دڵنیاییکردن لە سەلامەتی و لەشساغییان نەدرێت.

### دەسدرێژیی سۆزداری (عاتیفی)

بابەتە جیاوازەکانی ئەم جۆرە دەستدرێژییە بریتین لە مامەڵکردنێکی خراپی منداڵ بە بەردەوامی لە ڕووی سۆزدارییەوە، چاوترساندن و تۆقاندن یاخود شکاندن و دەست بە ڕوونانەوە بە مەبەستەوە. هەموو دەستدرێژییەکانی مامەڵەکردنی نابەجێی بواری سۆزداری دەشێت لە چالاکییە ڕێکخراوەکاندا و لە حاڵەتی تەنهاشدا ڕووبدات. هەروەها دەشێت ئەمە ئەو منداڵانە بگرێتەوە کە لە ماڵێکدا دەژین پڕە لە شەڕ و ئاژاوەی خێزانی یاخود ئەو حاڵەتانەی کە دایک و باوک زۆر زیاتر لە ڕادەی پێویست لە منداڵەکانیان چاوەڕوان دەکەن.

پێویستە لە هەموو بوارەکانی چالاکییە وەرزشییەکاندا، منداڵان و کەسانی گەنج (بە تایبەتی ئەوانەی کە وەرزشکاری چاک و کارامەن) لە لایەن دایک و باوک و چاودێرەکانیانەوە زیاتر بخرێنەوە ژێر تێڕوانین و سەرنجەوە سەبارەت بە هۆکارەکانی کە دەبنە مایەی گۆڕانی دەستوبرد لە هەڵسوکەتەکانیاندا.

ڕەفتاری ناپەسەند و جنێوئامێزانەی کەسانی گەورەساڵ بەرامبەر منداڵان دابەشکراوە لە ژێر ئەم خانە جیاوازانەی خوارەوەدا: لۆمەکردن، شکاندن و سووکایەتیپێکردن، قیژە و هاوارکردن بە سەردا (تێخووڕین)، لۆمەکردنیان بۆ شتێک کە گوناهی ئەوان نەبووە، دەستتان بە ڕوویانەوە، دوورەپەرێز ڕاگرتنیان، هەموو جۆرەکانی جیاوازیکردن و نایەکسانی، هەڕەشەکردن لێیان یاخود پشتگوێخستن. سەرئەنجام ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکە هەست بکات کە دەبەنگە، بێنرخە، بێتاقەتە، کەمتر باوەڕی بە خۆی دەبێت و هەست بە سووکایەتی دەکات و کەسێکی دڵتەنگ و ترسنۆک و تووڕە دەبێت.

*(دەستدرێژیی سۆزداری لە سەر منداڵی وەرزشکاری کارامە لە لایەن ڕاهێنەرەکانیانەوە / The Emotional Abuse of the Elite Child Athletes by Their Coaches – M GERVIS and N DUNN. 2003)*

### تێڕوانینی Child-Safe (منداڵ - سەلامەت)

ئەوەت لە یاد بێت کە گرنگە لە هەموو لایەنە جیاوازەکانی دەستدرێژیی منداڵان تێبگەیت:

- زۆربەی گەورەساڵان هەرگیز ئازاری منداڵ نادەن
- پێویستە بواری ئەوە بە منداڵان بدرێت کە سەربەخۆبن و پشت بە خۆیان ببەستن و فێربن کە چۆن چاودێری لە خۆیان بکەن – پێویست ناکات کە ئەوەندە نیگەرانیان بیت کە بە لۆکە بیانپێچیتەوە بۆ ئەوەی تووشی هیچ شتێک نەبن!

## 3 چۆن دەتوانم بزانم کە منداڵەکەم دوچاری دەستدرێژی بووە؟

دەسدرێژیی منداڵ چەندین نیشانەی جەستەیی، سۆزداری و پزیشکیی هەیە. هەروەها دەشێت کە منداڵەکە هەندێک لایەنی دەستدرێژییەکەت پێبڵێت بۆ ئەوەی تۆ تاقی بکاتەوە و بزانێت ئایا کاردانەوەی تۆ لەبارەیەوە چی دەبێت. بۆ نموونە لەوانەیە باسی ئەوە بکات کە پێی گووتراوە کە "نهێنییەک هەیە دەبێت نەیدرکێنێت".

ئەمانەی خوارەوە هەندێک لە نیشانە سەرەکییەکانە کە دەبێت چاویان بۆ هەڵخەیت و ئاگاداریان بیت:

- ڕووشان یان برینداری کە ناتوانرێت هۆکارەکەی بزانرێت یاخود چارەسەریی بۆ دابین نەکراوە.
- ژان و ئازاری گەدە (ناو زگ) بە بەردەوامی یان هەر ئازارێکی جەستەیی تر کە ناتوانرێت هۆکارەکەی بزانرێت.
- ڕەفتار و هەڵسوکەتی توندوتیژ و شەڕئامێزانە یاخود دوورەپەرێزبوون و ڕەفزکردنی ئەوەی کە باسی هۆکارەکانی برینداررییەکان بکات.
- ڕەفزکردنی ئەوەی کە بچێت بۆ قوتابخانە و یاخود لە ناکاودا لە قوتابخانە و خوێندنەکەیدا خراپ دەبێت.
- ڕەفزکردنی ئەوەی کە لە چالاکییە ئاساییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری بکات.
- ترس لە کەسانی گەورەساڵ یاخود گرمۆڵەبوون کاتێک دەستی لێوەبدرێت.

- قسە و ڕەفتاری سێکسیانەی زەق و ئاشکرا دەکات.
- نەزانینی سەرچاوەی ئەو پارانەی کە پێیەتی.
- گۆڕانی ڕووخسار و هەڵسوکەوت لە پاش ماوەیەک، بۆ نموونە لاوازبوون و بایەخ نەدان بە پاکوخاوێنی و شەپڕەوبوون.

گرنگە کە هوشیار و ئاگاداری نیشانەکانی دەستدرێژی بیت. بەڵام تەنانەت ئەگەر منداڵەکەت هەندێک لە ئەم نیشانانەی تێدابێت مەرج نیە کە تووشی دەستدرێژی بووبێت – لەوانەیە هۆکاری تر هەبن. هەروەها مەرج نیە کە هەر کام لە ئەو نیشانانە ڕووبدەن بۆ ئەوەی بزانیت کە دوچاری دەستدرێژی بووە، بەڵکو پێی دەزانیت چونکە تۆ بۆ خۆت هەست بەوە دەکەیت کە شتێکی خراپ لە ئارادایە.

هەروەها پێویستە وریای هەر کەسێکی گەورە بیت کە زیاد لە پێویست بایەخ بە منداڵەکەت دەدات – ئەمە کتومت نیشانەیەکی سەرەکیی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت دەستدرێژی لە منداڵ بکەن. بۆ نموونە:

- دیاری و یاریی منداڵان بە منداڵەکە دەدەن یان شتی باشی بۆ دەکەن.
- دەیانەوێت کە منداڵەکەت ببەن بۆ دەرەوە یان بیبەن بۆ سەفەر و گەشتوگوزار.
- بە دوای دەرفەتی ئەوەدا دەگەڕێن کە بۆیان بلوێت بە تەنهابن لەگەڵ منداڵەکەدا.

## 4 دەتوانم چی بکەم بۆ ئەوەی پارێزگاری منداڵەکانم بکەم؟

دەشێت کچ و کوڕی گەنج و هەروەها ئەوانەی کە لە تەمەنی هەرزەکاریدان ببنە قوربانی و نێچیری مەسەلەی دەستدرێژیی منداڵ. دایک و باوک و چاودێری منداڵان دەتوانن هەندێک لە مەترسییەکان کەمتر بکەنەوە ئەوەش لە ڕێگەی جێبەجێکردنی هەندێک/هەموو ڕێسا و پەیڕەوەکانی Child-Safe (**منداڵ - سەلامەت**):

### هەمیشە:

- بزانە کە ئایا منداڵەکەت لە کوێیە.
- بزانە ئایا لەگەڵ چ کەسێکدان.
- بزانە ئایا کەی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.
- دڵنیایی بکە کە منداڵەکەت دەزانێت تۆ لە کوێیت و چۆن پەیوەندییت پێوە بکات.
- بە وردی گوێیان بۆ شل بکە و گوێیان لێبگرە و دڵنیایان بکە کە گوێیان لێڕادەگیرێت.

### هەروەها پێویستە منداڵەکەت فێری ئەمانەی خوارەوە بکەیت:

- دەبێت جیاوازیی نێوان دەستلێوەدانی پەسەند و ناپەسەند بزانن. تەنانەت ئەگەر لەبارەیەوە دڵنیانین هانیان بدە کە لەبارەیەوە قسەت لەگەڵ بکەن.
- دەبێت جیاوازیی نێوان نهێنیی "سەلامەت" کە هەر بۆ خۆشییە و نهێنیی "ناسەلامەت" کە لە بارەیەوە نیگەران و دڵتەنگن، بزانن. نەدرکاندنی نهێنییەک دەربارەی ئاهەنگێکی کتوپڕی جەژنی لە دایکبوون شتێکی ئاساییە، بەڵام نابێت کەس داوایان لێبکات کە نهێنیی ئەوەی کە دەستیان لێوە دراوە بپارێزن.
- باشترە کە سیستەمێکی کۆد (جیفرە) لە ناو خێزانەکەدا بەکاربهێنن و لێکدانەوەی ئەوە بکە کە "kidscape code – کیدسکێیپ کۆد" بەکاربهێنیت، ئەگەر کەسێک بیەوێت بچێت بە دوایاندا و بیانهێنێتەوە – **ئەگەر کۆدەکە نازانێت، ئەوا ناتوانێت ئەو کارە بکات!** بلیتی هاتوچۆ (پاس، قیتار ... هتد) و/یان کارتی تەلەفۆن بۆ منداڵەکەت بکڕە چونکە بە ئەو شێوەیە دڵنیا دەبیت کە هەمیشە ئەوان دەتوانن بە بێ ئەوەی پێویستیان بە یارمەتیی هیچ کەسێکی تر هەبێت پەیوەندیت پێوە بکەن و خۆیان بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.
- دەبێت باوەڕیان بە خۆیان هەبێت کە ڕەفزی هەر شتێک بکەن کە لە ئەو باوەڕەدان هەڵەیە و ناپەسەندە و دەترسن کە کەسانی تر لەبارەیەوە ئاگادار بکەنەوە و، دەبێت بتوانن کە بە تۆ بڵێن ئەگەر کەسێک – تەنانەت ئەگەر کەسێکی ناسیاویش بێت – بە شێوەیەک دەستیان لێوە بدات کە مایەی ناڕەحەتییان یان سەرلێشێواندنیان بێت. ***زۆربەی کەسانی دەستدرێژیکەر کەسانی ناسیاون.***
- دەبێت هەمیشە تۆ ئاگادار بکەنەوە ئەگەر شتێکی خراپیان بەسەردابێت – تەنانەت ئەگەر سەرپێچیی یاساشیان کردبێت و – هەست بکەن کە تۆ ڕێگەی چارەسەرییان بۆ دەدۆزیتەوە. بە شێوەیەکی گشتی منداڵان مەسەلەی دەستدرێژیکردن دەشارنەوە و باس ناکەن چونکە دەترسن ئەگەر باسی بکەن تووشی کێشە و گیروگرفت دەبن.

- دەبێت بیکەن بە هەرا و فەرتەنە! پێیان بڵێ کە ئەگەر کەسێک هەوڵیدا دەستیان لێوەبدات یاخود پەلاماریان بدات، هاواربکەن و بقیژێنن "**نا** – NO" و بە زووترین کات و بە خێرایی ڕابکەن و دەربازبن و ئەمجا تۆ یان کەسێکی گەورەساڵ لەبارەیەوە ئاگادار بکەنەوە.

**لە یادت بێت** – پارێزگاریی سەلامەتیی منداڵەکەت لە هەموو شتێکی تر گرنگترە. شکاندنی ڕێساکان بۆ پاراستنی سەلامەتییان کارێکی ئاساییە.

- هەمیشە گرنگە کە بۆ منداڵەکەت دڵفراوان و دڵکراوە بیت و گوێی لێڕابگریت.

## بوون بە ئەندامی یانەکان یان بە شداریکردن لە گروپەکاندا

بەر لە ئەوەی ڕێگە بە منداڵەکەت بدەیت کە ببێتە ئەندامی هەر یانە یان گروپێک، یاخود بەر لە ناردنیان بۆ هەر جۆرە چالاکییەکی ڕێکخراو، دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەیت:

- سەبارەت بە گروپەکە قسە لەگەڵ دایک و باوکەکانی تر بکە و پرسیاریان لێبکە ئایا پێشتر ئەزموونی ئەوان لەگەڵ ئەو گروپەدا چۆن بووە – ئایا ئەوان دڵنیان کە منداڵەکانیان لە لای کەسانێکی سەلامەت و جێی باوەڕن؟
- پرسیار لە کارمەندان و کەسانی خۆبەخشی گروپەکە بکە ئایا لە لایەن پۆلیسەوە چێک کراون و ماوەی چەندە کە لەگەڵ گروپەکەدا/یانەکەدا کار دەکەن و بەشدارن.
- پرسیار لە پۆلیس یان لە کاونسڵی/شارەوانیی ناوچەکە بکە ئایا هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ گروپەکەدا یان یانەکەدا هەیە.
- ئایا گروپەکە یان یانەکە لە ناو کۆمەڵانی خەڵک و دانیشتووانی ناوچەکەدا ناسراون؟ ئایا بۆ ماوەی چەند دەبێت کە دروست بوون و لە ئارادان؟ ئایا لە لایەن قوتابخانەکان و، کەنیسەکان و، سەنتەرە تەندروستییەکان و دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان و ناوچەکەوە ناسراون؟
- پرسیار بکە ئایا چەند کەسی گەورە ساڵ چاودێری لە منداڵان دەکات. ئایا منداڵەکەت هەمیشە لەگەڵ منداڵانی تردا دەبێت و هەرگیز بە تەنها لەگەڵ کەسێکی یان کەسانێکی گەورەساڵدا بەجێناهێڵدرێت؟
- ئایا لە کوێ خۆیان دەگۆڕن و تەوالێت لە کوێ دەکەن؟
- ئایا گروپە یان یانەکە هانی دایک و باوکەکان دەدات کە بەشداری بکەن؟
- ئایا گروپە یان یانەکە بە نووسین کارنامەیەکیان ئامادە کردووە کە تێیدا بە ڕوونی بەڵێنیان داوە کە ئەو منداڵانەی لە لایانن لە دەستدرێژی بیانپارێزن؟ ئایا بەشێکن لە ڕێکخراوێکی گەورەتر کە ڕێسای پاراستنی منداڵیان بە ڕوون و دیار هەیە؟ ئایا ڕایدەگەیەنن کە بڕوانامە و بەرپرسیارییەکانی کارمەندەکانیان و کەسانی خۆبەخش کامانەن؟ ئایا کەسێکیان هەیە کە بڕوانامەی لە فریاگوزارییە سەرەتاییەکاندا هەبێت؟

ئەگەر هەندێک لە دایک و باوکەکانی تر بە چاکی دەناسیت، ئەوا دەتوانن ئەم ئەرکانە لە نێوان خۆتاندا دابەش بکەن. ئەگەر هێشتا هەر گومانت هەیە، پەیوەندی بکە بە دەزگای **سۆشیال سیرڤیس** (خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان) یان بە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی سەرپەرشتی کە ناو و زانیارییەکانیان لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا نووسراون.

### ئەمجا کە منداڵەکەت بوو بە ئەندامی گروپەکە و بەشداریی کرد ...

- جاروبار سەردانی بکە بۆ ئەوەی بزانیت چی لە ئارادایە
- ئەگەر منداڵەکەت دوودڵە کە بچێتەوە، ئەوا سەبارەت بە چالاکییەکان قسەی لەگەڵ بکە و بە وردی گوێی بۆ ڕابگرە
- قسە لەگەڵ دایک و باوکەکانی تر بکە.

## (5) دەبێت چی بکەم ئەگەر منداڵەکەم پێم بڵێت کە دەستدرێژیی لێکراوە؟

- لە هەمووی گرنگتر دەبێت هێمن و ئارام بیت و گوێی لێڕابگرە.
- بێتاقەت و دڵتەنگ دەبیت – بەڵام با کاردانەوەکەت بە جۆرێک نەبێت کە منداڵەکە زیاتر بێتاقەت و بێزار بکات.
- دڵنیایی لەوە بکە کە منداڵەکەت دەزانێت تۆ باوەڕی پێدەکەیت و، ئەوەی کە ڕوویداوە تاوان و گوناهی ئەو نیە.
- بهێڵە با منداڵەکەت بە ئارەزووی خۆی – کەم یان زۆر – چەند خۆی دەیەوێت لەبارەیەوە پێتی بڵێت. هەوڵ مەدە کە زیاتر لەوەی ئەو خۆی دەیەوێت زانیاریی لێدەربهێنیت.
- ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە **سۆشیال سیرڤیس** یان بە پۆلیسەوە بکە و نیگەرانییەکانی خۆتیان پێبڵێ.

- له یادت بێت که سۆشیال سیرڤیس و پۆلیس له ئەو بوارەدا شارەزان و ڕاهێنانی چاکیان پێکراوه و به شێوەیەکی هەستیارانە هەڵسوکەوت لەگەڵ نیگەرانییەکانت دەکەن.

**ئەگەر گومانی ئەوه بکەیت که دەستدرێژی له منداڵەکەت کراوه زۆر بێتاقەت و ناڕەحەت دەبیت و دەشێت هەست به تووڕەیی بکەیت بەرامبەر ئەو کەسەی که تۆ باوەڕت پێی هەبووه و جێگەی متمانەت بووه.**

**مەچۆ و ڕووبەڕووی کەسه دەستدرێژیکەرەکه مەبەرەوه، بەڵکو داوای یارمەتی بکه و لەبارەیەوه خەبەر بده. چەندین ڕێکخراو هەن که کارەکەیان بریتیه له یارمەتیدانی خەڵکی له ئەو بارودۆخه ناسک و ناڕەحەتەدا.**

**له یادت بێت** – ئەم نامیلکەیه به ئەو مەبەسته بەرهەمهێنراوه که وەهات لێبکات تۆ سەبارەت به سەلامەتیی منداڵەکەت هەست به دڵنیایی بکەیت. زۆربەی کەسانی گەورەساڵ دەستدرێژیکەر نین و پێویست ناکات زیاد له پێویست تۆ– یان منداڵەکەت –لێیان بترسن و نیگەرانبن.

له ڕێگەی پەیڕەویکردنی ئامۆژگارییەکانی ناو ئەم نامیلکەیه و سەفته زانیارییەکان، دەتوانیت یارمەتیی پاراستنی منداڵەکانت بدەیت کاتێک که له چالاکییەکانی گەنجاندا بەشداری دەکەن و یارمەتییان دەدات که پشت به خۆیان ببەستن و خۆباوەڕییان زیاتر دەکات.

## 6 دامودەزگا ڕەسمییەکانی ناوچەکە

### ڕێنمایی بۆ کارگێڕان و دایک و باوکان

Avon and Somerset Constabulary Child Protection Team – Lockleaze (Greater Bristol Area)
**تیمی پاراستنی منداڵی دەزگای پۆلیسی ئەڤۆن و سەمەرسێت – لۆکلیزە (ناوچەی بریستۆڵی فراوان)**
تەلەفۆن: 0117 945 4320

Avon and Somerset Constabulary Child Protection Team – Police Headquarters
**تیمی پاراستنی منداڵی دەزگای پۆلیسی ئەڤۆن و سەمەرسێت – سەرۆکایەتیی دەزگای پۆلیس**
تەلەفۆن: 01275 816131

Bristol Social Services Child Care Duty and Assessment Teams
**تیمەکانی ئێشکگری چاودێریی منداڵان و هەڵسەنگاندنی دەزگای سۆشیال سێرڤیسی/خزمەتگوزارییه کۆمەڵایەتییەکانی بریستۆڵ**
Central (ناوەند) تەلەفۆن: 0117 903 6500
North (باکوور) تەلەفۆن: 0117 903 8768
South (باشوور) تەلەفۆن: 0117 353 2200
East (ڕۆژهەڵات) تەلەفۆن: 0117 955 8231

Social Services Emergency Duty Team (out of hours, weekends and public holidays)
**تیمەکانی ئێشکگری کاتی لێقەومانی/ئیمێرژنسیی دەزگای سۆشیال سێرڤیس** (سەعاتەکانی پاش دەوام، ڕۆژانی کۆتایی هەفته/شەممه و یەکشەممه و ڕۆژانی پشووی ڕەسمی)
تەلەفۆن: 01454 615165

Bristol Young People's Services
**خزمەتگوزارییەکانی کەسانی گەنجی بریستۆڵ**
تەلەفۆن: 0117 353 2277

Childline (**چایڵدلاین – هێڵی یارمەتیی منداڵان**)
تەلەفۆن: 0800 1111
www.childline.org.uk

Barnardos (**ڕێکخراوی بەرناردۆس**)
تەلەفۆن: 0117 941 5841
www.barnardos.org.uk
www.barnardos.org.uk/resources/resources_links.htm

Kidscape (**ڕێکخراوی کیدسکێیپ**)
152 Buckingham Palace Road, London, SW1W 9TR
**تەلەفۆن:** 020 7730 3300
www.kidscape.org.uk

NCH the children's charity (**ڕێکخراوی خێرخوازی منداڵان**)
**تەلەفۆن:** 0117 935 4440
www.nch.org.uk

NSPCC (National Society for the Prevention of Cruelty to Children)
**کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ ڕێگرتن لە دڕندەیی بەرامبەر منداڵان**
هێڵی یارمەتیی تەلەفۆنی: 500 800 0808 (ڕۆژانە 24 سەعاتە هەیە)
ئیمێڵ: help@nspcc.org.uk
www.nspcc.org.uk

Local Safeguarding Children Board
**بۆردی پارێزگاری منداڵانی ناوچەکە**
www.everychildmatters.gov.uk

Asian Helpline Service - **خزمەتگوزاریی هێڵی یارمەتیی ئاسیاییەکان** (کاتژمێری 1.00ی پاشنیوەشەو هەتا 7.00ی ئێوارە)
**تەلەفۆن:** 0800 096 7719

Helpline for Deaf
**هێڵی یارمەتی بۆ ئەوانەی کێشەی بیستنیان هەیە (کەڕ)**
**تەلەفۆن:** 0800 400 222
دووشەممە – هەینی 9.30ی بەیانی – 9.30ی شەو
ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە – هەینی 9.30ی بەیانی – 8.00ی شەو

**تکایە ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی یان ئامۆژگاری هەبوو پەیوەندی بە ئەو کەس و ڕێکخراوانەوە بکە. زانیارییەکانی پەیوەندیکردنیان لای خۆت لە بەردەستدا بپارێزە. بۆ زانینی لیستی نوێترین زانیارییەکانی پەیوەندیکردن، تکایە سەردانی ماڵپەڕی ئینتەرنێتی www.child-safe.org.uk بکە و بچۆرە لاپەڕەی Bristol Contacts / پەیوەندییەکانی بریستۆڵ.**

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەکەتدا، تکایە بڕوانە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی **کاونسڵی شاری بریستۆڵ** (Bristol City Council) لە ئەدرەسی www.bristol-city.gov.uk .

*سوپاس و پێزانینمان بۆ:*

*The Charity Kidscape (**دەزگای خێرخوازیی کیدسکێیپ**) کە مۆڵەتیان پێداین هەندێک لە زانیارییەکانیان لە ئەم نامیلکەیەدا بەکاربهێنینەوە.*

*The Emotional Abuse of the Elite Child Athletes by Their Coaches – M GERVIS and N DUNN/ دەستدرێژیی سۆزداری لە سەر منداڵی وەرزشکاری کارامە لە لایەن ڕاهێنەرەکانیانەوە. 2003)*